Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian. . Conf-2019-13

# کاریگەری دراما بیانیەکان لەسەر گۆڕینی کلتوری خێزانی کوردی

نەزاکەت حسێن حەمەسەعید

زانکۆی سلێمانی // کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتێکان // بەشی ڕاگەیاندن

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : April, 2022

***Keywords***

دراما ، گۆڕان، کلتور ، خێزانی کوردی ،.هەرێمی کوردستان

***Corresponding Author***

**nazakat_72@yahoo.com**

**پوختە**

پشت بەستنی دەزگاکان ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان بە بەرهەمی میدیای دەرەوە بەتایبەتی بەرنامە بەزمە سات و کات بەسەربەرەکانی نموونەی وەک دراما و فیلمەکان کە لەشاشەی زۆرێک لەکەناڵەکانەوە نمایش دەکرێن ،بەرکەوتەی زۆر بواری لەسەر ژیان و کلتوری کۆمەڵگاکە هەیە کە خێزان لەناویدا قوربانی دەدات لە گۆڕینی شێوازی پەیوەندی کردن ڕێز و پێکەوەژیان ...هتد ئەم توێژینەوە وەک توێژینەوەیەکی ناق شیکاری بەدوای ئەو گۆڕانکاریە کلتوریانەدا دەگەڕێت کە خێزان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەسەریدا دێت لەبەردەم نمایشی ئەو درامایانەدا .

بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاری و کۆکردنەوەی داتاکان بە میتۆدی فۆکەس گروپ لە گەڵ ئەندامانی ژمارەیەک خێزان ،تاکو بە ڕوون تر لە کاریگەریەکان تێبگات و دەرکەوتەی ئە و کارگەریانە لەسەر گۆڕینی نۆرم و کلتورو شێوازی ژیانی ئەو خێزانانە بزانێت . لەوێوشەوە لە کاریگەریە کلتوریەکان بۆسەر خێزانی کوردی بە گشتی تێبگەین.

ئامانج لەم توێژینەوە

١. دەرخستنی کاریگەری دراما بیانیەکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.
٢. تێگەیشتن لە شێوازی کاریگەری درامای بیانی لەسەرکلتوری خێزانی کوردی .
٣. تێگەیشتن لە ئاستی ئەو کاریگەریانەی کە درامای بیانی کردویەتی لەسەر کلتوری ژیانی خێزانی کوردی .

گرنگی توێژینەوە:

١. دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ کتێبخانەی کوردی و توێژەرانی بواری میدیایی و کۆمەڵناسی بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەی زیاتر لەم بورەدا.
٢. هۆشیار کردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار و تاکی کۆمەڵگەی کوردی لە چۆنیەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ ئەو بەرهەمانە.
٣. تێگەیشتنێکی زیاتر دەدات بە وەرگری کورد و خێزانی کوردی لە شوێنەوار و ئایندەی ژیان و کلتوریان لەبەردەم کاریگەری ئەو بەرهەمانەدا.

پرسیارەکانی توێژینەوەکە :

١. ئایا درامای بیانی تاچەندە کاریگەری کردوە لەسەر نۆرم و کلتوری ژیانی خێزانی کوردی؟ .
٢. شێوازی ئەو کاریگەریانە چین و چۆن ئەو گۆڕانکاریانە دروست دەکات؟.

میتۆدی توێژینەوەکە :

ئەم تویژینەوەیە پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی داتاکان کە بەرێگەی فۆکەس گروپ کۆیان دەکاتەوە.

ئامرازەکانی توێژینەوەکە :

چاوپێکەوتنی ئەندامانی ٣ خێزان بە رێگەی فۆکەس گروپ.

کۆمەڵگەی تویژینەوەکە :

خێزانی کۆمەڵگەی کوردی لەهەرێمی کوردستان.

مشتەی توێژینەوەکە: ئەندامانی چەند خێزانێکی دانیشتویی شاری سلێمانی و دەوروبەری بە مەبەست لە چین و جۆری جیاواز .

سنوری توێژینەوەکە :

هەرێمی کوردستان- شاری سلیمانی و دەوروبەری

چەمکەکان:

گۆڕان: د.یوسف عناد پسپۆری بواری کۆمەڵایەتی بەمشێوە باسی گۆڕان دەکات 'گۆڕانی شتێکە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر ،بە جوڵە بێت یان جێگرەوەی بەشتێکی تر" (٢٠١٤،ل.٤).

خێزان بە هەموو ئەندامەکانی زۆر گرنگە لە کۆمەڵگای کوردیدا :خانەوادە سەرەتایەکان جوتیاربوون کە بناغەی هەیکەلی کۆمەڵگای کوردییان پێکهێنابوو،خاوەن ماڵ بە شێوەیەکی گشتی پێکدەهات لە مێرد، ژن،مناڵەکانیان هەندێک جار باپیرو داپیرەشی لە خۆدەگرت.

دراما:

کە وشە سەرەتایەکەی لەگەڵ یەکەم سەرهەڵدان و تۆمارکردنی درامایەکی SOAP OPERA دریژ خایەن لە ڕادیۆی ئەمریکا ساڵی ١٩٣٠ ی بۆ بەکارهات لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکانی دروستکردني سابون سپۆنسەریان دەکرد بۆیە وشەی 'SOAP' لەوسەچاوەوە هاتوە.

"OPERAوشەی ئۆپرا لەو ڕاستیەوە هاتوە کە هاوشێوەی زنجیرەکان چیرۆکێک دەگێڕێتەوە ، زنجیرە دراماکان دوو جۆر گێڕانەوە لە خۆ دەگرن: یەکەمیان "زنجیرەی کراوە" کە تیایدا خاڵی کۆتایی تێدا نیە،هەروەها "زنجیرەی داخراو" کە تیایدا هەرچەندە پرۆسەکە درێژبێت خاڵی کۆتایی هەیە Allen) .،١٩٨٥، ل.٥٥(

SOAP OPERA کەواتە زاروەیەک بوو بەتایبەتی لەو شوێنانە بەکارهات کە ئەو زنجیرە درامایانە پەخش دەکران بوو بوونە هۆی دروستکردنی گفتوگۆو دیبەیت.

کلتوور:

'HADDOCK' پسپۆری بواری میدیا ،بەم شێوە پێناسەی کلتور دەکات"کلتور ئەو ناوەندەیە کە لە رێگایەوە ژیانی خۆمان دەژین، ڕەهەندی زاتی ئێمەیە وەک بکەری کۆمەڵایەتی، دارێژراوی فۆڕم و بەدرێژی باوەڕەکانمان، هەڵوێستەکانمان، چاوەڕوانیەکانمان، هەروەها هەڵسوکەتەکانمانە، "(٢٠٠٣،ل.٤٤)

'Elsamr' پسپۆڕی بواری میدیا ،باس لەوەدەکات کە "کلتور چەمکێکی جوڵاوە(مراوغ)، کە لەلایەن هەندێک کەسەوە وا پێناسەکراوە کە هەموو چەمکەکانی ژیانی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت کە ئەزموون کراون لە لایەن ئەوانەی لە ناوچەیەکی دیاری کراوی جوگرافی دەژین"(٢٠٠٣،ل.١٥٨)

توێژینەوەکانی پێشوو:

"Andrew پسپۆڕی بواری میدیا،٢٠١٠توێژینەوەیەکی کردوە بەناونیشانی 'دراما و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان' گەشتوە بەو دەرەنجامەی، کە ئەو شێوازو نۆرمانەی ژیان کە لە دراماکان نمایش کراوە لەشاشەی تەلەفزیۆنیەکان بە گوێرەی ئەو درامایەی وەرگرەکانی سەیری دەکەن وردە وردە دەبێتە جێگرەوەی نۆرم و شێوازە نەریتیەکەی ژیانی خۆیان (٢٠١٠،ل.٣٢).

ساڵی ٢٠١١ د.نەزاکەت حسێن مامۆستای زانکۆی سلێمانی لە توێژینەوەی دکتۆراکەی تایبەت بە' میدیای گڵۆباڵی کاریگەری سەر دروست کردنی ناسنامەو کلتوری کوردی .درامای دۆبلاژکراوی تورکی'نور' و ژنی کورد بەنمونە 'گەشتوە بەو دەرەنجامەی کە ناسنامەی ژنی کورد لەبەردەم کاریگەری دراما و میدیای جیهانیدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتوەو، ٣ جۆر ناسنامە لە دەرنجامی توێژینەوەکەی بۆ ژنی کورد دەردەخات ،یەکەمیان: ناسنامەیەکی تێکەڵ لە کلتورو ناسنامە نەریتیەکەی و ناسنامە نوێ و بیانیەکەی، دوەمیان: ناسنامەیەکی جێگر کە ئەمە ڕێژەیکی زۆر کەم بوە وا مابێت ناسنامەیەکی جێگر بوە و نەگۆڕاوە، جۆری سێیەم: ناسنامەیەکی تەواو بیانی و دوور لە ناسنامەو کلتورە نەریتیەکەی. (توێژینەوەی دکتۆرا ،٢٠١١ )

Abdolah Shafiabadi,et.al،٢٠١٦ ،پسپۆڕانی بوای میدیا توێژینەوەیەکیان کردوە لەسەر 'پێکهاتەکانی دراماو چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ چارەسەری کێشە خێزانیەکان" دەریخستوە کە هەندێک پێکهاتەی دراما هەیە وەک 'پێکەوەژیان و بەیەک گەیشتن لێبوردەیی وداهێنان کاری' لە چیرۆکە کانی ناو دراماکان کە بە ڕێگەی تەندروست بەکاردێن بۆ چارەسەری کێشەکان لەناو دراماکاندا دەتوانرێت وەک ڕەگەزی سەرکەوتوو بەکاربێن بۆ چارەسەری کێشە خێزانیەکان.

## بەشی دووەم: لایەنی تیرۆی توێژینەوەکە:

زاراوەیەکە کە بە مانای'پەروەردە کاتبەسەربەر' سەرچاوەی "Edutainment

گرتوە کەهەندێک لەبەرهەمە میدیایە کاتبەسەربەرەکان ڕەگەزی پەروەردەشی تێکەڵ دەکرێت.

بەتایبەتی زۆرتر بۆ بەرهەمە تەلەفزیۆنیەکانی وەک 'فیلم و دراماکان 'بەکاردێت".

(Andrew،٢٠١٠،ل.٤٤).

'Allen' ئەڵێت"بەکارهێنانی دراما بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە چەمکی پەروەردە

کات بەسەر بەر بەکاردێت". ("١٩٩٥،ل.١٨).

'Gillespie' ئەڵێت "لەناو هەموو ژانرە'پەروەردە کات بەسەربەرەکان' ی ڕادیۆو تەلەفزیۆن.

دراما کاریگەرترین جۆریانە کە دەتوانێت گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دروستبکات و کلتوری خێزانەکان و شێوازی ژیانیان بگۆردێت". (٢٠٠٥،ل.١١)

'Butir Butir Pasir di Laut' پسپۆڕانی بواری میدیا درامایەکی ڕادیۆیی بوو کە ساڵی ١٩٩٧ لە ئەندەنوسیا پەخش کرا کە ١٨٠ ملیۆن دانیشتوانی ئەو وڵاتە بەشی زۆریان وەرگری ئەم درمایە بوون .

Arvind، ١٩٩٩ پسپۆڕی بواری میدیا باسی کاریگەری ئەم درمایە دەکات کە چۆن ڕۆڵێکی گەورەی هەبوە لە پەروەردەکردنی خێزان لە دارشتنی پلانی خێزانیان.

لەبارەی کاریگەری لەسەر کەسایەتی ژن:

لە توێژینەوەکەی 'کەسایەتی ژن لە شاشەو لەناوماڵ.Barbara B. Stern,et .al'

ئەڵێت"ئەمرۆ دراماکان پەخش دەکرێت بۆ ژنان،کە چیرۆکی سۆزداری،ڕازی بوونی کەسایەتی و چۆنیەتی هەڵهاتنی لە نەریت و لە کلتورو لەواقع فێردەکات " (٢٠١٢،ل.٢٢)

وە دەڵێت"هێزی کاریگەری دراما کە لەسەر جیهان هەیەتی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری لەسەر ژن و گفتوگۆی لەگەڵ ژن"(٢٠١٢،ل.٢٢) .

Tobinپسپۆڕی بواری میدیا دەڵێت "زۆربەی چیرۆکانەی ژیانی ناو دراماکان ناوا قعین و خەیاڵن و لە جیهانی واقع دوورن وتاک نامۆ دەکەن بە ژیان و فێری هەڵهاتنی دەکەن لە ژیانە نەریتیەکەی خۆی"(٢٠٠٢،ل. ٤٢)

Larson، پسپۆڕی بواری میدیاو کلتور لە یەکێک لە توێژینەوەکانی لەسەر تەمەنی کچی هەرزەکاری کراوە لەئەمریکا کە چۆن بینینی ژیانی وە ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن لەتەمەنێکی کەمەوە ئاشنا دەبن بە پرۆسەکانی لەباربردن و منداڵی ناشەرعی و نەخۆشیەکانی تری کۆمەڵایەتی و جیابونەوەو دابڕان .

Matelskiپسپۆری بواری کۆمەڵناسی ئەڵێت "دراما پێک دێت لە  کۆمەڵێک چیرۆکی پەیوەندی خێزانی تەنانەت نێوان بوک و خەسوش، بۆیە  دراما ئامرازیکی کاریگەرە کە چۆن پەیوەندیە خێزانیەکانمان بۆ ڕێک دەخات و فێرمان دەکات کە چۆن پەیوەندی بکەین لەگەڵ یەک مامەڵە بکەین".  (١٩٩٠،ل.٢٢ )

وەنمونەی درامای BBC دێنێتەوە کە لە هندستان پەخش دەکرێت و چۆن پەیوەندی نێوان بوک و خەسوو بابەتی سەرکەی چیرۆکەکنیەتی چونکە بە داب ونەریتی هیندی کچێک شوو دەکات بە خێزانێک تەنها بە کوڕەکەیان شوو ناکات بەڵکو دەبێت پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکە بەهێز کات ،خەسوش ئەندامی سەرەکی خێزانەکەیە بۆیە لەو درامایەدا پەیوەندی بوک و خەسو دەبێتە چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشی بینەر.

بینەرێکی درامای " کوینکی ' کە درامایەکی هیندیە  کە لە هندستان ساڵی  ٢٠١٤  پەخش کراوە دەڵێت' چیرۆکەکنی ناو ئەم درامایە کە دەبینی چۆن ئەندامانی خێزانەکان قوربانی بۆ یەکتر دەدەن لە پێناو پێکەوە ژیاندا چێژمان پێ دەدات بۆ ژیان لەگەڵ یەکتر و فێرمان دەکات کە ژیان پێکەوە هەڵکردنە نەک ململانی و ڕق."

Stern, B., et.al.

هەمان سەرچاوە باسی ڕۆڵەکانی ژن دەکات لە دراما وەک "ژنی ماڵ،بوک، کارەکەر کە هەموویان دەبنە مۆدیل بۆ ژنانی بینەری دراماکە (،٢٠٠٤،ل.٨١)

Wilson Barbraپسپۆڕی بواری پەیوەندی  ،٢٠٠٤لەبارەی کاریگەری ئامێری تەلەفزیۆن لە سەر پەیوەندیە خێزانیەکان لە کۆمەڵگەی  ئەمریکیدا دەڵێت:

داهێنانی  ئامێری تەلەفزیۆن و زۆربوونی لە ماڵەکانی کۆمەڵگەکانی جیهاندا  وای کرد خێزانەکان دوور کەوتنەوە لەیەکتر ،وە لەکاتێکدا  وای لێهات خێزانێک زیاتر لە ئامێرێکی تەلەفزیۆنی هەبێت لە ماڵەکەیدا نەک تەنها لە ژووری دانیشتن بەڵکو لە مەتبەخ و  لە ژووری نوستنەکانیشی تەلەفزیۆنی دانا ،ئیتر لە هیچ جێگایەکی ماڵەکە کات نەما خێزانەکان ئەندامەکانیان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن و دوور کەوتنەوە.

زۆر لە پسپۆڕانی بواری کاریگەری میدیا پییان وایە کە سەیرکردنی دراما تەلەفزیۆنیەکان مرۆڤی خەیاڵی و ناواقعی دروست دەکات

Larson، ١٩٩٦ پسپۆری بواری جێندەری توێژینەوەیەکی ئەنجام داوە تایبەت بە" ڕۆڵی ڕەگەزی لە دراماکان  کاریگەری کەسایەتی دایکی   لەناو خێزانەکانی دراما و لەسەر تەمەنی کچانی هەرزەکاری" باسی ئەوە دەکات کە چۆن کەسایەتی نا واقعی وو دور لە کۆمەڵگەی بینەرەکانی تاکی ناواقعی دروست دەکات و باسی ئەوە دەکات کە درامایاک کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەیەک بەرهەم دێت هێندەی ئەوەی تاکی خەیاڵی دروست دەکات ئەوەندە تاکی واقعی بۆ ژیان و هەڵکردن لە کۆمەڵگەکەی خۆی دروست ناکات.(ل.٢٢)

Douglas,پپسۆری بواری کۆمەڵناسی ١٩٩٦ باسی ئەو کێشانە دەکات کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی خێزان دەبنەوە لە دراماکاندا و دەڵێت، "دراماکان ڕۆژانە بینەر بەرکەوتەوە ئاشنا دەکەن بە کۆمەڵیک کێشەو وای پیشان دەدەن کە ئاساییەو چارەسەری ئاساییە ،دراما تەلەفزیۆنیەکان بەشداری دەکەن لە دروست کردنی ژیانێکی یەکجار خەیاڵی بۆ بینەرەکانیان"(ل،١٠٢)

Verma and  Lawson ،٢٠٠٣ باسی بەتەنها سەیرکردنی دراماکان دەکات و دەڵیت،مەترسی سەیرکردنی زۆری دراماکان دەکات و کات خەرج کردنیان لەگەڵی لەلایەن گەنجانەوە و دەڵێت کاتێک بەتەنها سەیردەکەن مەترسی دابڕان و نەرێنیەکانی بۆ سەرکەسایەتی چەند هێندەی ئەوەی کەلەگەڵ خێزانەکەی سەیری دەکات زیاتر دەکات. (٢٠٠٣،ل.٤٥).

Mares، باسی ئەو شێوازە پەیوەندیانە دەکات کە دراماکان بە خێزانەکانی دەبەخشن و دەڵێت، پەیوەندی نێوان خێزان و تەلەفزیۆن وسەیرکردنی فێریان دەکات چۆن پەیوەندی لەگەڵ یەکدا بکەن، وە زۆر سەیرکردنی دراما لەلایەن خێزانەکانەوە فێری پەیوەندیەکی ناواقعیان دەکات لەگەڵ یەکدا چونکە زۆربەی ئەو پەیوەندیە خێزانیانە کە لە دراماکاندا دەگوزەرێن و ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ناواقحین بەو خێزانانەی کە سەیریان دەکات بەتایبەتی ئەگەر دراماکە بیانی بێت بۆ خێزانەکان و لەکۆمەڵگەکەی خۆی بەرهەم نەهاتبن .(٢٠٠٦،ل.٣٩).

لەبارەی کاریگەری سەیرکردنی منداڵ  بۆ دراماکان

Wilson and Weiss، باسی ئەوە دەکەن کە کاتێک منداڵان سەیری ئەو چیرۆکە سۆزداریانە دەکەن لەدراماکاندا ،مامەڵەیەکی جیاوازە لەوەی کە لەژیانی واقعی خۆیاندایە وەک مامەڵەی دایک یان باوک و منداڵ یان باپیرو خوشک وبرا بۆیە هەر لە منداڵیەوە ئیزدیواجیەتی بۆ دروست دەکات لە مامەڵەی نێوان دوو ژیاندا.(١٩٩٦،ل.٤٤).

لەبارەی کێشە خێزانیەکان :

Wilson،٢٠٠٤ پسپۆری میدیایی باسی ئەوە دەکات کە دراماکان هەمیشە وا خێزان پیشان دەدەن کە کێشەی تیدایەو کێشە ئاساییەو ڕاڤەی کێشە خێزانیەکان دەکەن و وا دەکەن کێشە لای بینەر ئاسایی و بێت و بەڵکو دەشیناسێنن بە هەندێک کێشە کەلای زۆربەی خێزانە بینەرەکان کێشە نیە . هەروەک

Larson،١٩٩٦، باسی ئەوە دەکات دراماکان وا دەکەن کە بینەر زۆر ئاسایی لەهەموو کێشەخێزانیەکان بڕوانێت، تەنانەت  ژیانی نامۆو کێشەی نامۆش ئاسایی دەکەنەوە لای وەرگر

Douglas، ١٩٩٦ توێژەر باسی ئەوەدەکات کە هەموو ئەو کاتانەی کە خێزان خەرجی دەکەن لەبەردەم تەلەفزیۆن لەسەر کەم کردنەوەی پەیوەندیە خێزانی و خۆشەویستی و قوڵەکانیان دەکەوێت.

لەگەڵ ئەم کاریگەریە نەرێنیانەشدا چەندین تویژینەوەو باس هەیە لە سەر ڕۆڵی دراما لە لایەنە ئەرێنیەکەوە و جۆنیەتی کاریگەری لە چارەسەری کێشە خێزانیەکان هەروەک

.Abdolah Shafiabadi,et alتوێژینەوەیەکیان کردوە لەسەر 'پێکهاتەکانی دراماو چۆنیەتی

بەکارهێنانی بۆ چارەسەری کێشە خێزانیەکان ' باسی ئەوە دەکات کە چۆن درما لە مرۆدا ئامرازێکی گرنگی چارەسەرە بۆ کێشەو قەیرانی ناو خێزانەکان و فێریان دەکات چۆن ڕووبەڕووی کێشە خێزانیەکان ببنەوە. (ل.٢٠١٦،٦ .)

Gatta and Colleagues، ٢٠١٠ دوو پسپۆری بواری میدیا باوەڕیان وایە کە دراما وەک ئامرازێکی چارەسەر چەندین ئاگایی هۆشی دەدات بە وەرگر کە ڕووبەڕووی کێشەکانی ژیانی و ناو خێزانەکەی ببێتەوە ،بەتایبەتی بۆ پەیوەندی نێوان ژن و پیاو کە چۆن یارمەتیان دەدات بۆ چارەسەرو خۆپاراستن لە ڕووی کێشە هۆشی و جەستەیەکانەوە .

Andrew، ٢٠١٠ پسپۆری بواری میدیا لە توێژینەوەکەی " دراما و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان " باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەمرۆ

'BBC' دەزگای میدیایی بەریتانیا دراماکان بەرهەم دەهێنێت و ئاراستەی ئەو وڵاتانەی دەکات کە تازە بەرەو گەشە سەندن دەچن بۆ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان و گەشەی پەروەردەیی ، بونیات نانەوەی وڵات و یەکسانی جێندەری گەشەی کۆمەڵایەتی و مافی ژن و ئازادی ڕادەربڕین بوارەکانی تری وڵات بەکاردین .

لایەنی مەیدانی

یەکەم:هەنگاوەکانی کۆکردنەوەی داتاکان

دووەم:شیکردنەوەی داتاکان و گفتوگۆکردن

سێیەم: دەرەنجام و پێشنیارەکان

## یەکەم: هەنگاوەکانی کۆکردنەوەی داتاکان

وەرگرتنی ٣ خێزان بە مەبەست لە ٣ ئاستی جیاوازی خوێندەواری و بژێوی ژیان و شوێنی دانیشتن، تاکو تاڕادەیەک نوێنەرایەتی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ی کوردی بکەن و لەبەر کورتی بواری توێژینەوەکە نەتوانرا ژمارەیەکی زیاتر خێزان وەربگیرێت . دوای بەش بەش کردنی پرسیارەکان لەسەر کۆمەڵێک تەوەری وەک ) بە گوێکردنی گەورەکان لە خێزان، پەیوەندی ژن و مێرد ،پەیوەندی خێزانی بە کەس و خزمەکان ، خۆشەیستی نێوان ژن و مێرد ،خولیا بۆ خۆشەویستی دەرەوەی خێزان و خیانەت،متمانەی خێزانی ) و بە گروپ کردنی بەشداربوانی تویژینەوەکە بۆ ٢ گروپ وەک: دایکان وباوکان ،کە هەریەکە لەم گروپانە لەسەر ئەو تەوەرانە پرسیارەکانیان لەگەڵ گفتوگۆ دەکرا و دواتر وەڵامەکان تۆمار دەکران . کە کۆی ئەندامانی بەشدار بوو ٦ باوک و دایک کە بەم شێوە بوون خێزانکان:

خێزانی یەکەم : پێک دێت لە ٥ ئەندام باوک و دایک کە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و مامۆستای ئامادەین ،٣ منداڵ کە ٢ نیان خوێندکاری زانکۆیی و یەکێکیان خوێندکاری بنەڕەتی دانیشتوی شاری سلێمانین ئاستی بژێویان مام ناوەندیە.

خێزانی دووەم:پێک دێت لە ٨ ئەندام کە خەڵکی ناحیەی بازیانن واتە دەرەەی شاری سلێمانی ودایک و باوک نەخوێندەوارن ،٣ کچ و دوو کوڕیان هەیە،کچەکان یەکیان کچی ماڵە، دوانەکەی تر لە ئامادەیین و کوڕەکانیش یەکیان دەرچووی پەیمانگایەو یەکیان خوێندکاری زانکۆ ئاستی بژێویان لاوازە.

خێزانی سێیەم: پێک دێت لە ٤ ئەندام ،دانیشتووی لادێ و کاری باوک بازرگانی و ئاستی بژێویان زۆر باشە، باوک و دایک کچ و کوڕێک کە هەردووکیان خوێندکاری ئامادەیین و دایک و باوک دەرچووی سەرەتایین و دایک ژنی ماڵە.

تەوەرەکانی گفتوگۆو پرسیار لەگەڵ گروپەکان

تەوەرەیەی یەکەم: بە گوێکردنی گەورەکان لە خێزان

لەسەر ئەم تەوەرە گروپی یەکەم باوکان بەم شێوە دوان

باوکی یەکەم: "منداڵ خۆی بڕیار دەدات چی دەکات،چ جلێک لەبەر دەکات ،چ کات حەزدەکات لەگەڵت بێتە دەرەوە ،بۆ چ شوێنیک حەز دەکات بڕوات،جاران نیە باوک و دایک بڕیار بدەن و ئەو بەگوێت بکات"( پاشکۆی ژ.١ )

ئەم دەستەواژەیە باسی بەرەو تاک گەرایی بوون لە ڕەفتاری منداڵ و سەربەخۆیی لە هەڵسوکەت و مامەڵەیان لەگەڵ گەورەکان دەکات. لەلایکی ترەوە باوکی سێیەم بە ترسانک تر باسی ئەم پەیوەندیە دەکات ودووربوونی منداڵ لەگفتوگۆی لەگەڵ باوانی باس دەکات وەک"منداڵ هەر گوێ دەگرن تا بە گوێت بکەن؟ ،دەبێت کاتیان لێوەرگریت تاکو شتیکیان پێ بلێت " ( پاشکۆی ژ.١ )

لەبەرامبەردا باوکێکی تر تاوانیش دەخاتە ئەستۆی دایک وباوک بەم شێوەیە :

"پێم وایە ئەوەش دەکەوێتە سەر دایک و باوک خۆیان بە کاری خۆیان سەرقاڵن و کاتیان نیە بۆ منداڵەکان ئەوانیش کەمتر ئامادەی گوێگرتنن،بە گشتی منداڵی ئێستا زۆر جیاوازە لەتەمەنی ئێمە، ئێمە جێ بە جێ کەری فەرمانی باوک دایک بووین ئێستا ئێمە جێ بە جێ کەری داوکاری منداڵەکانین ".

( پاشکۆی ژ.١ )

هەموو ئەم وەڵامانەو وەڵامەکانی تریش کە کورتی ماوەی تویژینەوەکە بواری نەدا باسیان کەین دەری دەخات کە بەرەو بۆشایەکی گەورەی پەیوەندی نێوان منداڵان و باوانیان دەچین.

گروپی دایکان

گروپی دایکان سەبارەت بە پرسیاری تا چەندە منداڵەکان بە گوێتان دەکەن لە ئامۆژگاری و ڕێنمایەکان؟

وەڵامەکان بەم شێوە بوون :

"منداڵ لەئەمڕۆدا نەک چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت گوێت بۆ بگرێت و ڕێزی گەورەکان بگرێت بەڵکو دەبێت تۆ ڕێز لەوبگریت تاکو بێڕێزی بەرامبەر گەورەکان نەکات " ( پاشکۆی ژ.١ )

لەبەرامبەردا دایکێکی تر باسی لاسایی کردنەوەی کارەکتەرە منداڵەکانی ناو دراماکان دەکات لەلایەن منداڵەکانەوە لە هەڵبژاردنی جل و بەرگی پۆشین و دووبارەکردنەوەی وشەکان و مامەڵەی کە زۆرجار دەڵێت وەک دایک پێم ناخۆشە ئەو ڕەفتارانەی منداڵەکەم بەڵام گوێم بۆ ناگرێت و چونکە زۆر جار جل وبەرگ و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان دەبێت مۆدیل لای منداڵانی گەڕەک منداڵەکەی منیش داوای دەکات ." ( پاشکۆی ژ.١ )

لەبەرامبەردا دایکێکی تر باسی مەترسی زیاتری دەکرد کە منداڵەکەی ڕەفتاری توندوتیژ بوەو شمشێر و جل وبەرگی کارەکتەرکنی دراما کۆریەکان لەبەرکردوەو بەکاریان دێنێت،لە هەڵبژاردنی یەک پارچە جل و بەرگدا بە گوێی کەس ناکات خۆی نەبێت و وشەو وەڵامی توندو زۆرجار نەشیاو بەرامبەر گەوەرکان بەکاردینێت وەک پێمان دەڵێت'ئەوە پەیوەندی بە تۆوە نیە'یان 'ئەوە کاری تۆ نیە' یان 'من بۆخۆم دەژیم نەک بۆ گەورەکان' ...هتد کە هەموویان وشەی ناودراماکانن. ( پاشکۆی ژ.١ )

کۆی وەڵامی ئەم دایکانە کە نزیک بوون لەیەکەوە لەم دەستەواژەیەدا کۆم کردەوە کە باسیان لە لاساری منداڵەکانیان دەکرد وە"منداڵ ئەمڕۆ گەورەترین گرفتی ناو خێزانەکانە کە هەرچی بۆ دەکەیت ڕازی نیەو ڕێز لە هەوڵ و ماندوبون و باشیەکانی دایک و باوک ناگرێت و وا دەزانێت تۆ نەت توانیوە ژیانی باشی بۆ دابین کەیت ،چونکە سەیری دراماکان دەکات و ژیانی ئەوان دەبینێت زۆر لەوەی خۆی ناڕازیە ،بۆیە ئێمە زۆرجار تاوانبارین لای منداڵەکانمان گەرچی هەموو ژیانی خۆمان بۆ تەرخان کردبن و پێداویستی ژیانمان بۆ دابین کردبن نابێت بەوەی دەیبینێت لە دراماکە." ( پاشکۆی ژ.١ )

هەموو ئەم گوزارشتانە کە کورتی بواری توێژینەوەکە ڕێگا نادات زیاتر لە وتەکانیان باس کەم بەڵام کۆی هەموو باسی بەردەوام دورکەتنەوەی منداڵان لە بەگوێنکردنی باوک و دایکیان دەکات .

تەوەرەی دووەم: پەویوەندی ژن و مێرد

کلتوری کۆمەگەی کوردی نۆرمی وابوە کە پیاو خاوەن بڕیار وژن جێبەجێ کەرو بێدەنگ،هەمیشە پێناسەی ژنی باش لە کۆمەڵگەی کوردی وابوە کە ژنێکی بێ دەنگ و گوێڕایەڵی پیاوە،بەڵام لەمرۆدا کەسەردەمی وریابونەوەی خەڵکە و هۆشیاربونەوەی تاڕادەیەکی ژنە لەبەردەم دراماکان بە ئەرک و مافی ژنانی نەتەوەکانی تر ،بزانین هەریەکە لە گروپی دایکان و باوکان چۆن لەم تەورە دەدوێن:

گروپی باوکان

باوکێک" ژن ئەمرۆ دەبێت بەردەوام گوێ لە بۆڵەو گلەیی و گازەندەکانی بگریت،هەمیشە ناڕازیە بەژیانی خۆی وژیانی دراماکانی لێ بوەتە ڕاستی و پێوانەی تۆ بە مێردو پیاوانی ناودراماکان دەکات." ( پاشکۆی ژ.١ )

لەبەرامەبەردا باوکێکی تر نەک باسی نەمانی پەیوەندی دروست دەکات بەڵکو دەڵێت" ئەگەر لە ڕۆژێکدا چەند کاتێکمان هەبێت پێکەوە لەگەڵ ژنەکەم یان شەڕە یان گفتوگۆی توندو بێ ئەنجامە، چونکە ژیانی ژنی تر دەبینێت لە دراماکان،وا دەزانیت دەتوانێت ژیانی خۆی وەک ئەوان لێبکات" باوکێکی تر"( پاشکۆی ژ.١ )

ژن نەک گفتوگۆ ناکات لەگەڵمان بەڵکو ڕەخنەو گلەیی و گازەندەکانی ئەوەندە زۆرە هەر حەز دەکەم نەیەمەماڵەوە، قسە بەس قسەی خۆیەتی لەوەی چی بکڕین ،بچین بۆ کوێ ،منداڵمان ببێت یان نا،،،هتد"

( پاشکۆی ژ.١ )

گروپی دایکان

دایکان بە جیاوازتر لە باوکان نەک گلەییان لە پیاوان دەکرد کە گفتوگۆیان باش نیە بەڵکو هەموو دەستەواژەکانیان بەراوردکاری پێوە دیاربوو لەوانە"پیاو ی کۆمەڵگەی ئێمە لەخۆبایی و توندە تەنانەت ناتوانێت هەست و سۆزو خۆشەویستیەک بۆ ژنەکەی دەربڕێت" ( پاشکۆی ژ.١ )

دایکێکی تر"پیاولە کۆمەڵگەی کوردی هێندەی گوێ بۆ دایک و کەس و کاری خۆی دەگرێت لە کاروبارەکانی ژیانی بەشەرمی دەزانێت گوێ بۆ ژنەکەی بگرێت و شانازی بەوە دەکات کە گوێ ناگرێت بۆ ژنەکەی،بەڵکو زۆرجار بۆ ئەوەی قەناعەتێک بۆ مێردەکەم دروست بکەم یان شتێک بکڕین یان بچین بۆ شوێنێک دەبێت شێرو ڕێوی و دنیایەک بیانوی بۆ باس کەم." ( پاشکۆی ژ.١ )

دایکێکی تر بەراوردکاریەکەی زۆر زەق بوو کە دەیگوت"پیاو لە دراماکان لێبوردەیە شتەکان بە ئاسانی وەردەگرێت لە ژنەکەی، ئەگەر هەڵەیەکیش بکات، هەوڵ دەدات بە گفتوگۆ چارەسەری بکەن،پیاوی ئێمە یەک هەڵەت هەبێت دونیات بۆ قوڵپ دەکاتەوە بە توندوتیژی دەری دەبڕێت؛"( پاشکۆی ژ.١ )

ئەمانە پێمان دەڵێن کە کۆمینیکەیشنەکە نەک باش نیە بەڵکو بەرەو خراپ ڕۆیشتوەو بەرەو نەمان دەچێت لەنێوان ژن ومێردی کوردی.

## تەوەرەی سێیەم

خۆشەویستی نێوان ژن ومێرد

لە کلتوری کۆمەگەی کوردی وشەی خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەز بقە بوە و تا ئێستاش خەڵک بە مانای هەڵە لێی تێگەیشتوە و تەنانەت باسی خۆشەویستی ژن ومێرد نیشانەی مەردی پیاونەبوە ،پیاو ئەگەر ژنەکەشی خۆش ویستبێت بۆی دەرنەبڕیوەو بە شورەیی زانیوەو ترساوە پێ بڵێن ژنانی هەر بۆیە نەبونی خۆشەویستی لە نیوان ژن و مێرد لە دراماکان وای لە ژنی کورد کردوە کە هەڵسەنگاندن بۆ ژیانی خۆی بکات هەر بۆیە وەڵامەکانی هەردوو گروپ نەبوونی ئەم سۆزو خۆشەویستیەیان دەگەیاند.

گروپی باوکان

پیاوانیش وەک ژنان بێ بەشی خۆیان لە سۆزو خۆشەویستی دەردەبڕی وەک باوکێک دەیگوت"من گەرچی بە خۆشەویستی هاوسەرگیریم کردوە بەڵام وامزانی دوای هاوسەرگیری ئەو خۆشەویستیە زیاد دەکات کەچی بە پێچەوانەوە هەر نەماو کاتێک نیە لە نێوان من و ژنەکەمدا بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و ژیانمان تەنها ڕۆتینیاتەو کاتێکیش هەبێت بە سەیری دراماو باسی دراماکان بەسەری دەبەین." ( پاشکۆی ژ.١ )

لەلایەکی ترەوە دوو باوکەکەی تر دەربڕینەکانیان لەیەکەوە نزیک بوو کە دەیانوتمەگەر لە دراماکانەوە چیرۆکی خۆشەویستی و خۆشەویستی ژن مێرد بزانین.

( پاشکۆی ژ.١ )

گروپی دایکان

ئەمان و نەبوونی سۆزو خۆشەویستی نێوان خۆیان وهاوسەرەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ توندی پیاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا .وەک دایکێک وتی" من تا ئێستە هەستم بە سۆزو خۆشەویستی نەکردوە لە پیاوەکەم بۆم دەربڕێت ئەوە دەبینی لە نەتەوەکانی تر لەو درامایانە پیاو لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا سۆز بۆ ژنەکەی دەردەخات،لای ئێمە پیاو ڕووی نایەت بە ژنەکەی بڵێت خۆشم دەوێت." ( پاشکۆی ژ.١ )

لەبەرامبەردا دایکی دووەم وتی"پیاوی کورد هێزی خۆی لە توندی لەگەڵ ژنەکەی دەبینێتەوەو پێی شورەییە بە ژنەکەی بڵێ خۆشم دەوێت و دەوروبەریش گاڵتەی پێدەکات." ( پاشکۆی ژ.١ )

دایکی سێیەم کە زۆرتر کاریگەربوو بە پەیوەندیەهاوسەریەکانی نێوان دراماکان وتی"سەیری دراماکان دەکەین باشە دەزانین پیاو دەبێت چۆن بێت لەگەڵ ژن یان ژن چۆن بێت لەگەڵ پیاو ،کە ژن و پیاو هەردوکیان پێویستیان بە خۆشەویستی یەکتر هەیە کە ئێمە نیمانە." ( پاشکۆی ژ.١ )

ئەم گوزارشتانەی هەردوو باوکان و دایکان پیمان دەڵێن کە بێ بەشی سۆزو خۆشەویستیان هەیە وهەریەکەشیان تاوانەکە دەدات پاڵ ئەوی دی یان کۆمەڵگە و ژیانی دراماکانیش بوەتە پێوەر بۆ بەراوردی ژیانی خۆیان بەوان چیرۆکەکانی دراماکان بە ڕاستە قینە دەبینن بۆیە گەیان لە ژیانی خۆیان هەیە( پاشکۆی ژ.١ )

تەوەرەی چوارەم

خولیا بۆ خۆشەویستی دەرەوەی خێزان و خیانەت

خیانەتی هاوسەری بە پێ ی زۆر لە سەرچاوەکان هەرچەندە داتایەکی ورد نیە لەبەردەست بۆ زانینی ڕێژەکەی بە وردی بەڵام بەشیکی زۆری کێشەو جیابوەنەوە خێزانیەکان دەگەڕێتەوە بۆ خیانەتی هاوسەری، بزانین هەریکە لەم گروپانە کە نوینەری ٣ خێزانی جیاوازی کۆمەڵگەی کوردین چۆن لە کاریگەری دراما لەدروست کردنی ئەو خولیایەی دەدوێن.

گروپی باوکان

باوکی یەکەم ئاماژە بەوە دەکات کە خیانەت شتێک بوو لە هەموو کۆمەڵگاکان هەبوو بەڵام لەکۆمەڵگەی کوردی زۆر کەم بوە " خیانەت لەهەموو کۆمەڵگاکان لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی هەبوو لەهەموو کۆمڵگاکان ،لەکۆمەڵگەی کوردی زۆر کەم ،بەڵام ئەم ڕیژە زۆری ئێستا بە دڵنیایەوە کاریگەری فیلمە ،چونکە فیلم ئاسایی دەکاتەوە جیابونەوەو بوونی خۆشەویست لەدەرەوەی خێزان." ( پاشکۆی ژ.١ )

باوکێکی تر باس لە ڕواج پێدانی خیانەت دەکات لە دراماکاندا"دراماکان تەنها پیشانمان نادەن خیانەت چیە ،بەڵکو خۆشی دەکەن و ڕەواج و شەرعیەتی پێ دەدەن وەک پێویستی تاک بۆ دەست خستنی ئارام." ( پاشکۆی ژ.١ )

باوکی سێیەم"دراماکان نەک تەنها خیانەتێکت لا خۆش دەکات بەڵکو زۆربەیان فێرت دەکەن کە لە جارێکیش سەرنەکەوتی جارێکی تر، یان بوونی چەند خۆشەویستێک لەیەک کاتدا ،وەک ژنێک پیشان دەدات چەند پیاو شەرپانە لەسەری و کەچی لەولاشەوە هاوسەری خۆی هەیە،ئەمە میکرۆبە بۆ کۆمەڵگە." لەسەر هەمان تەوەر گروپی دایکان بەم شێوە دوان: ( پاشکۆی ژ.١ )

گروپی دایکان

دایکێک خەمی ئاسایی بونەوەی خیانەتی بۆ نەوەکانی باس کرد "من وەک خۆم و دڵنیاشم کە زۆر لەهاوتەمەنکانی من کەمتر ترسی ئەوەمان هەیە تازە خیانەت ئەنجام بدەین،بەڵام خەم بۆ کچەکانمان دەخۆم کە هێشتا هاوسەرگیری نەکردوەو ئەو کارانەی لا ئاسایی دەبێتەوە لە درماکاندا ." ( پاشکۆی ژ.١ )

دایکی دووەم" ئاسان نیە ئەنجام دانی خیانەت لە کۆمەڵگەی کوردی بەڵام توندوتیژی پیاو وادەکات کە زۆرجار ژن پەنای بۆ بەرێت و دراماکانیش ئاسایی دەکەنەوەو پیشان دەدەن کە خۆشەویست بە سۆزترە لە مێرد." ( پاشکۆی ژ.١ )

دایکی سێیەم"دراما گەرچی ڕاست نیە خۆمان دەزانین فیلمە،بەڵام چیرۆکەکانی وات لێدەکات بەتایبەتی ئەگەر ژیانت نزیک بێت لە ژیانی ئەو ژنانەی خۆشەویستیان هەیە شوێنی بکەوێت." ( پاشکۆی ژ.١ )

تەوەرەیی پێنجەم :متمانە

بونی متمانە لە ناو خێزان چ لە نێوان ژن و مێرد چ لە نێوان منداڵ و دایک و باوک بنەمای خۆشەویستی وپێکەوەژیانە بۆیە وەک تەورەیەکی هەڵبژێراوی ئم توێژینەوەیە بزانین هەریەکە لە گروپی دایکان و باوکان چۆن لێی دوان :

گروپی باوکان

باوکی یەکەم"لە ئێستدا چەند باوەڕت بە ژنەکەت هەبێت بەهۆی بوونی ئامێری تەکنەلۆجی بەدەستیەوە ناتوانیت متمانەی تەواوت هەبێت، بەتایبەتی کە ژنانی ئێمە بینەری ئو درامایانەن کە ڕۆژانە چەندین ژن دەبینێت لە دراماکەدا بە نهێنی و بێ ئاگایی مێردەکەی لەماڵ دەچیتە دەرەوەو هەندێک کار دەکات کە پیاوەکەی نایزانێت".

( پاشکۆی ژ.١ )

لەبەرامبەردا باوکی دووەم"وەڵا من نەک تەنها دراما ڕۆژانە ئەوەندە کرداری سەیر سەیر دەبیستیت،ئەوەندە ڕێژەی خیانەت زیاد بوە لە کۆمەڵگە نەک گومان لە ژنەکەت بەڵکو لە هەموو ژنانی خزم و کەس و دەوروبەرەکەشتی دەکەیت،بێگومان دراماکان تاکە مەدرەسەیەکن ئەمرۆ کە ئەو بێ متمانەیە دروست دەکەن." (پاشکۆی ژ.١ )

باوكى سێيەم زۆر ڕەشبينتر دەڵێت" چۆن گومان نەكەم لە كچ يان ژنەكەم كە موعجيبێكى تەواوى كارەكتەرێكى ژنە لە دراماكان كە خيانەت دەكات و كاتێك سزادەدرێت بەزەيى پێيدا دێتەوە وپشتگيرى دەكات،يان ژمارەى نهێنى مۆبايلى كچ و ژن و كوڕەكانت نازانيت." ( پاشكۆى ژ.١ ).

گروپى دايكان:

ژنان لەكۆمەڵگەى كوردى لەبەر ئەوەى ترسى فرەژنى و ژنى نهێنى تاڕادەيەک دياردەيە لە ئێستادا لە كۆمەڵگەكەدا زۆر ڕەشبين وپر دڵە ڕاوكێ بوون بەرامبەر پياوەكانيان و دايكێک وتى "وامان لێهاتوە هەر پياوەكان چونە درەوە شوێنيان كەوين ،چونكە هەر ئەوەندە دەزانيت دەڵێن فلانە پياو ژنى ترى هێنا، فلانە پياو بە دزيەوە ژنى ترى هەيە،ئيتر خۆشەويست با بوەستێت،" ( پاشكۆى ژ.١ )

لەلايەكى ترەوە دايكى دووەم ژنيشى تاوانبار كرد وتى" هەموو ئەو پياوانەى خيانەت دەكەن لەگەڵ ژنێک دەيكەن،خۆ ژن ئێستە بوەتە جيهانى خۆ جوان كردن و خۆ ڕووتكردنەوەو ناز و مەكر ،زۆر ئاسان پياوان ڕادەكێشێت،بۆيە من ئەوەى لە دراماكان دەيبينم زۆر هەستى پێدەكەم لە كۆمەڵگەى خۆمان چۆن ژن پياو فريوو دەدات." ( پاشكۆى ژ.١ )

دايكى سێيەم "وەڵا سەيرى دراما دڵت كرمۆڵ دەكات كە پياوەكەشت وا درۆت لەگەڵ بكات وەک چۆن دەبينيت ئەو پياوانە لە دراماكان لەدەرەوە لەگەڵ ژنى ترن و لەماڵەوە خۆيان دەكەنە مەڕ لەگەڵ ژنەكنيان ." ( پاشكۆى ژ.١ )هەموو ئەم گوزارشتانەى هەردوو گروپ پێمان دەڵێن كە نەمانى متمانە ئاستيكى بەرزى هەيە لە لاى هەردوو ژن ومێردو دراماكانيش هۆكاريكى سەرەكين بۆ نەمانى ئەو متمانەيە .

### تەوەرەى شەشەم

پەيوەندى خێزانى بە كەس و خزمەكان

ئاشكرايە كە تەكنەلۆجياو تۆڕى كۆمەڵايەتى تاڕادەيەک پەيوەنديە كۆمەڵايەتيەكانى لاواز كردوە بۆيە لەسەر ئەم پرسە هەردوو گروپ بەم شێوەيە دوان:

گروپى باوكان:

باوكى يەكەم"بمانەوێت و نەما نەوێت ئەو پەيوەنديە بەهێزەى خێزان بە كەس و كارو دەوربەر بە هۆى سەرقاڵ ژيان خۆى لاوازبوە، هاتنى تۆڕى كۆمەڵايەتى و دراماكانيش بەڕێژەيەكى باش واى كردوە كە تاک بەرەو تەنهايى و دورە پەرێزى بەرێت. ( پاشكۆى ژ.١ )

"باوكى دووەم"يەكێک لە هۆكارەكان جگە لە تەكنەلۆجياو تۆڕى كۆمەڵايەتى،ئەو بێ متمانەو فێڵ و تەڵەكانەن كە لە دراماكان دەيبينت لە نێوان كەس و كارو نزيكەكان وايكردوە حەز بە تێكەڵاوى كەس نەكەيت و متمانەت بەكەسە نزيكەكانى خۆشت نەبێت." ( پاشكۆى ژ.١ )

باوكى سێيەم ،"هەرچەندە ئيمە لەدەرەوەى شارين كاتمان زياترەو خێزان زۆرتر تێكەڵە لەگەڵ دەوروبەرو خزمان بەڵام بە گشتى خەڵک بەرۆژ كارى زۆرەو بەشەويش سەيرى دراماكان ناهێڵێت تيكەڵى بكەيت و چێژ زياتر لە بينينى درامايەک دەكەيت تا چوون بۆ ماڵان." ( پاشكۆى ژ.١ )

گروپى دايكان

ئەمان بە جۆرێک كە باسى نەمانى ئەو پەيوەنديە كۆمەڵايەتيەيان دەكرد خۆشاحاڵيش بون تاڕادەيەک بەهۆى نۆرمى دەست تێوەردانى كۆمەڵگەى كوردى بۆ ژيانى تايبەتى و خێزانى وەک دايكى يەكەم"ناخۆشە هەست دەكەيت وەک جاران ڕەحم نەماوە و كەس سەردانى كەس ناكات بەڵام جارانيش دەست تێوەردانى ماڵە خەسوو كەس وكار نەيدەهێشت خێزانەكان خاوەنى بڕيارى خۆيان بن،ئێستە باشتر پياوەكەت گوێ بۆ خۆت دەگرێت زياترو دابڕاوە." ( پاشكۆى ژ.١ ).دايكى دووەم" دراماكان كۆمەڵێک شتى وەک خيانەت و فێڵى كەسە نزيكەكان پيشان دەدەن وات لێ دەكەن بترسيت لە تێكەڵى و باوەڕت بەكەس نەبێت،سەربارى سەرقاڵى ڕۆژانە كە ناتوانيت وەک جاران سەردانى كەس و كار بكەيت." پەيوەندى خێزانى بە كەس و خزمەكان ،لەلايەكى ترەوە دايكى سێيەم باسى نەک خۆى منداڵەكانيشى دەكات كە خزم و كەسەكانيان نانانسن" من خەمى خۆمانم نيە ،خەمى ئەو نەوە تازەمە كە ئامادە نيە نەک نايەت لەگەڵمان بۆ سەردانى كەس وكار بەڵكو ميوانيشمان دێت تيكەڵى ناكەن و لە ژورەكى خۆيان نايەنە درەوە ،دواتر واى لێ دێت نازانێت خزمەكانى كێن ورەحمى پێيانەوە نيە." ( پاشكۆى ژ.١ ) .

### دەرنجام

١. كۆمەڵگەى كوردى لە زۆر بواردا بەتەواوەتى خەريكە نۆرمى خۆى لە كلتورى خێزانيدا لە دەست دەدات وەک:

-ڕێزو بە گوێ کردنی گەورەکان نەک لە ئاستی نەماندایە بەڵکو مەترسی ڕێزنەگرتن و بێ ڕێزی نواندن هەیە لە بچوکەکان بەرامبەر گەورەکان،بەردەوام بۆشایی دروست دەبێت لە نێوان گەورەکان ومندالآن.

٢. پەیوەندی نێوان ژن و مێرد لە لاوازیەوە نەوەستاوە بەرەو پەیوەندی نەرێنی و لێک تێنگەیشتن دەڕوات

٣. خۆشەویستی نێوان خێزان و ژن ومێرد لە ئاستێکدایە هەستی پێناکرێت و ژن ومێردەکان هاواری نەمانی سۆزو خۆشەویستی نێوانیانە.

٤. حەز بۆ خیانەت و بوونی خۆشەویست لەدەرەوە خێزان دەبێتە خولیاو لای زۆربەیان وەک دەربازبوونیکی لەو سارد و بێ سۆزیەی خێزانەکانیان بە چارەسەری دەزانن.

٥. متمانەی نێوان ژن و مێردو مندالآن و نەمانی وبوونی دڵە ڕاوکێیان بەرامبەر بەرامبەرەکانیان ڕای زۆرینەی گرووپی توێژینەوەکە بوو.

٦. لاوازی پەیوەندی خێزان بەکەس و کارو دەوروبەر لەبەردەم مەترسیدابوو لەلای زۆرینەی مشتەی توێژینەوەکە.

٧. دراماکان بونەتە پێوەرێک کە ژنان ژیانی خۆیان لەبەرامبەردا پێوانە دەکەن و بەراوردی دەکەن.

## پێشنیار

١. ڕێک خستنی میدیا لە هەرێمی کوردستان لەخزمەت هاوڵاتی و نیشتمان و خێزان بە نۆرمی کۆمەڵگەی کوردی.

٢. کارکردن بۆ ڕێگری کردن لە نمایش و هاوردەی بەرهەمی بیانی میدیایی ،بەتایبەتی ئەوانەیان کە پێچەوانەی کلتوری کوردی ئیش دەکەن.

٣. کارکردن بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمی کات بەسەر بەرو درامای خۆماڵی بەشێوەیەک خزمەت بە تۆکمەیی خێزان و کۆمەڵگەی کوردی بکات.

٤. هۆشیاری و پەروەردەی خێزانی لەمەتەرسیەکانی کاریگەری درامای بیانی لەلایەن گروپ و ڕێکخراوە سەنتەرەکانی گەشەپێدانی مرۆیی و پەروەردەیەکان.

## سەرچاوەکان


- Abdolah,S. & Sayedehmaryam,F. & Seyed,k.d. Components of Drama Therapy in Family: New Approach to Solve Marital Conflicts, The International Journal of Indian Psychology ISSN 2348-5396 (e) | ISSN: 2349-3429 (p) Volume 3, Issue 3, No. 7, DIP: 18.01.119/20160303 ISBN: 978-1-365-11998-9
- Allen, R. 1995. Introduction. In R. Allen (ed.), to be continued...Soap Operas Aroun
  The World. Routledge, London.
- Allen, R.O. (ed.) (1985) Speaking of Soap Operas. Unites States, Chapel Hill – University of North Carolina Press.
- Arvind Singhal and Everett M. Rogers, 1999.Edutainment throughout television. 38 POPULI· VOL. 16 No
- Barbara B. Stern, Cristel Antonia Russell, and Dale W. Russell,2012, Vulnerable Women and Screen and at Home.Soap Opera Consumption. International Journal of Advertising (INT J ADVERT).
- Douglas, William. 1996 “The Fall from Grace? The Modern Family on Television.” Communication Research. 23: 675-702
- Dr Andrew Skuse. University of Adelaide, Adelaide, South Australia
- Prof. Marie Gillespie, Open University, Milton Keynes, UK,2010
- Elasmar, M. and Bennett, K. (2003) The Cultural Imperialism Paradigm Revisited: Origin and Evolution. In: M.G. Elasmar (ed.) The Impact of International Television A Paradigm Shift. United States, Lawrence Erlbaum Associates London, p. 1-57.Matelski, M. J. 1990. Soap operas worldwide: Cultural and serial realities.Jefferson, NC: McFarland.
- Gatta, Michela, & Lara, Dal Zotto, & Lara, Del Col, & Andrea, Spoto, & Paolo, Testa Costantino, & Giovanni, Ceranto, & Rosaria, Sorgato, & Carolina, Bonafede, & PierAntonio, Battistella. (2010). Analytical psychodrama with adolescents suffering from psycho-behavioral disorder: short term effects on psychiatric symptoms. The Arts in Psychotherapy, 37, 240-247.
- Gillespie, M. 2005. Television Drama and Audience Ethnography in M. Gillespie
  (ed.) Media Audiences. Open University Press, Maidenhead
- Haddock, B. and Sutch, P. (2003) Multiculturalism, Identity and Rights. London, Routledge. Components of Drama Therapy in Family: New Approach to Solve Marital Conflicts.٢٠١٦ The International Journal of Indian Psychology. Volume 3, Issue 3, No. 7, DIP: 18.01.119/20160303
- Larson, M. S. 1996. Sex roles and soap operas: What adolescents learn aboutsingle motherhood. Sex Roles 35 (July): 97-109.
- Mares, M.L. 1996. “The Role of Source Confusions in Television’s Cultivation of Social Reality Judgements.” Human Communication Research. 23: 278-297

- Stern, B., C. A. Russell, and D. Russell. 2004. Soap opera heroines andwomen consumers: Images of vulnerability. Working paper, RutgersBusiness School-Marketing—2004-49
- Tobin, F. 2002. Report to Frank Tobin Public Relations from Bell-PhillipTelevision Productions, Los Angeles, CA
- Verma, Suman and Reed W. Larson. 2002. "Television in Indian Adolescents' Lives: A Member of the Family." Journal of Youth and Adolescence. 31: 177-183
- Wilson, Barbara J. 2004. The Mass Media and Family Communication. Mahwah, NJ. Lawrence Erlbaum Associates Inc.
- Weiss, Audrey and Barbara Wilson. 1996. "Children's Cognitive and Emotional Responses to the Portrayal of Negative Emotions in Family-Formatted Situation Comedies." Human Communication Research. 24: 584-609
- يوسف عناد زامل،٢٠١٤ (وانتجاته سۆسۆلۆجيا التغير قراءة مفاهيمه في ماهية التغير - جامعة واسط / كلية الآداب.


پاشکۆی ژ،١

تەوەرەکانی گفتوگۆو پرسیار لەگەڵ گروپەکان

تەوەرەیەی یەکەم: بە گوێکردنی گەورەکان لە خێزان

گروپی باوکان:

باوکی یەکەم: "منداڵ خۆی بڕیار دەدات چی دەکات،چ جلێک لەبەر دەکات ،چ کات حەزدەکات لەگەڵت بێتە دەرەوە ،بۆ چ شوێنیک حەز دەکات بڕوات،جاران نیە باوک و دایک بڕیار بدەن و ئەو بەگوێت بکات"

باوکی دووەم :"منداڵ هەر گوێ دەگرن تا بە گوێت بکەن؟ ،دەبێت کاتیان لێوەرگریت تاکو شتیکیان پێ بڵێت "

باوکی سێیەم :

"پێم وایە ئەوەش دەکەوێتە سەر دایک و باوک کاتێک دایک و باوک خۆیان بە کاری خۆیان سەرقاڵن و کاتیان نیە بۆ منداڵەکان ئەوانیش کەمتر ئامادەی گوێگرتنن،بە گشتی منداڵی ئێستا زۆر جیاوازە لەتەمەنی ئێمە، ئێمە جێ بە جێ کەری فەرمانی باوک دایک بووین ئێستا ئێمە جێ بە جێ کەری داوکاری منداڵەکانین ".

گروپی دایکان:

وەڵامەکان بەم شێوە بوون :

دایکی یەکەم:

"منداڵ لەئەمڕۆدا نەک چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت گوێت بۆ بگرێت و ڕێزی گەورەکان بگرێت بەڵکو دەبێت تۆ ڕێز لەوبگریت تاکو بێڕێزی بەرامبەر گەورەکان نەکات"

دایکی دووەم :

"زۆرجار دەڵێت وەک دایک پێم ناخۆشە ئەو ڕەفتارانەی منداڵەکەم بەڵام گوێم بۆ ناگرێت و چونکە زۆر جار جل وبەرگ و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان دەبێت مۆدیل لای منداڵانی گەڕەک منداڵەکەی منیش داوای دەکات ".

دایکی سێیەم :

"منداڵ لە هەڵبژاردنی یەک پارچە جل و بەرگدا بە گوێی کەس ناکات خۆی نەبێت و وشەو وەڵامی توندو زۆرجار نەشیاو بەرامبەر گەوەرکان بەکاردینێت وەک پێمان دەڵێت'ئەوە پەیوەندی بە تۆوە نیە'یان 'ئەوە کاری تۆ نیە' یان 'من بۆخۆم دەژیم نەک بۆ گەورەکان' ...هتد کە هەموویان وشەی ناودراماکانن".

تەوەرەی دووەم: پەویوەندی ژن و مێرد

گروپی باوکان:

باوکێک" ژن ئەمرۆ دەبێت بەردەوام گوێ لە بۆڵەو گلەیی و گازەندەکانی بگریت،هەمیشە نارازیە بەژیانی خۆی وژیانی دراماکانی لێ بوەتە ڕاستی و پێوانەی تۆ بە مێردو پیاوانی ناودراماکان دەکات".

باوکی دووەم : دەڵێت" ئەگەر لە ڕۆژێکدا چەند کاتێکمان هەبێت پێکەوە لەگەڵ ژنەکەم یان شەڕە یان گفتوگۆی توندو بێ ئەنجامە، چونکە ژیانی ژنی تر دەبینێت لە دراماکان،وا دەزانیت دەتوانێت ژیانی خۆی وەک ئەوان لێبکات "

باوکی سێیەم تر"ژن نەک گفتوگۆ ناکات لەگەڵمان بەڵکو ڕەخنەو گلەیی و گازەندەکانی ئەوەندە زۆرە هەر حەز دەکەم نەیەمە ماڵەوە، قسە بەس قسەی خۆیەتی لەوەی چی بکڕین ،بچین بۆ کوێ ،منداڵمان ببێت یان نا،،،هتد"

گروپی دایکان

دایکی یەکەم: "پیاو ی کۆمەڵگەی ئێمە لەخۆبایی و توندە تەنانەت ناتوانێت هەست و سۆزو خۆشەیستیەک بۆ ژنەکەی دەربڕێت "

دایکی دووەم "پیاولە کۆمەڵگەی کوردی هێندەی گوێ بۆ دایک و کەس و کاری خۆی دەگرێت لە کاروبارەکانی ژیانی بەشەرمی دەزانێت گوێ بۆ ژنەکەی بگرێت و شانازی بەوە دەکات کە گوێ ناگرێت بۆ ژنەکەی،بەڵکو زۆرجار بۆ ئەوەی قەناعەتێک بۆ مێردەکەم دروست بکەم یان شتێک بکڕین یان بچین بۆ شوێنێک دەبێت شێرو ڕێوی و دنیایەک بیانوی بۆ باس کەم".

دایکی سێیەم :

"پیاو لە دراماکان لێبوردەیە شتەکان بە ئاسانی وەردەگرێت لە ژنەکەی، ئەگەر هەڵەیەکیش بکات، هەوڵ دەدات بە گفتوگۆ چارەسەری بکەن،پیاوی ئێمە یەک هەڵەت هەبێت دونیات بۆ قوڵپ دەکاتەوە بە توندوتیژی دەری دەبڕێت؛ "

تەوەرەی سێیەمخۆشەویستی نێوان ژن ومێرد

گروپی باوکان

باوکی یەکەم :

"من گەرچی بە خۆشەویستی هاوسەرگیریم کردوە بەڵام وامزانی دوای هاوسەرگیری ئەو خۆشەویستیە زیاد دەکات کەچی بە پێچەوانەوە هەر نەماو کاتێک نیە لە نێوان من و ژنەکەمدا بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و ژیانمان تەنها ڕۆتینیاتەو کاتێکیش هەبێت بە سەیری دراماو باسی دراماکان بەسەری دەبەین.

باوکی دووەم و سێیەم

دەربڕینەکانیان لەیەکەوە نزیک بوو کە "دەیانوت مەگەر لە دراماکانەوە چیرۆکی خۆشەویستی و خۆشەویستی ژن مێرد بزانین".

گروپی دایکان

دایکی یەکەم " من تا ئێستە هەستم بە سۆزو خۆشەویستی نەکردوە لە پیاوەکەم بۆم دەربڕێت ئەوە دەبینی لە نەتەوەکانی تر لەو درامایانە پیاو لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا سۆز بۆ ژنەکەی دەردەخات،لای ئێمە پیاو ڕووی نایەت بە ژنەکەی بڵێت خۆشم دەوێت." لەبەرامبەردا .

دایکی دووەم: وتی"پیاوی کورد هێزی خۆی لە توندی لەگەڵ ژنەکەی دەبینێتەوەو پێی شورەییە بە ژنەکەی بڵێ خۆشم دەوێت و دەوروبەریش گاڵتەی پێدەکات ".

دایکی سێیەم:

"سەیری دراماکان دەکەین باشە دەزانین پیاو دەبێت چۆن بێت لەگەڵ ژن یان ژن چۆن بێت لەگەڵ پیاو ،کە ژن و پیاو هەردوکیان پێویستیان بە خۆشەویستی یەکتر هەیە کە ئێمە نیمانە".

تەوەرەی چوارەم:خولیا بۆ خۆشەویستی دەرەوەی خێزان و خیانەت

گروپی باوکان:

باوکی یەکەم:

" خیانەت لەهەموو کۆمەڵگاکان لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی هەبوو لەهەموو کۆمڵگاکان ،لەکۆمەڵگەی کوردی زۆر کەم ،بەڵام ئەم ڕێژە زۆری ئێستا بە دڵنیایەوە کاریگەری فیلمە ،چونکە فیلم ئاسایی دەکاتەوە جیابونەوەو بوونی خۆشەویست لەدەرەوەی خێزان ".

باوکی دووەم :

" باس لە ڕواج پێدانی خیانەت دەکات لە دراماکاندا"دراماکان تەنها پیشانمان نادەن خیانەت چیە ،بەڵکو خۆشی دەکەن و ڕەواج و شەرعیەتی پێ دەدەن وەک پێویستی تاک بۆ دەست خستنی ئارام ".

باوکی سێیەم"دراماکان نەک تەنها خیانەتێکت لا خۆش دەکات بەڵکو زۆربەیان فێرت دەکەن کە لە جارێکیش سەرنەکەوتی جارێکی تر، یان بوونی چەند خۆشەویستێک لەیەک کاتدا ،وەک ژنێک پیشان دەدات چەند پیاو شەڕیانە لەسەری و کەچی لەولاشەوە هاوسەری خۆی هەیە،ئەمە میکرۆبە بۆ کۆمەڵگە."

لەسەر هەمان تەوەر گروپی دایکان بەم شێوە دوان. :

گروپی دایکان

دایکی یەکەم :

"من وەک خۆم و دڵنیاشم کە زۆر لەهاوتەمەنکانی من کەمتر ترسی ئەوەمان هەیە تازە خیانەت ئەنجام بدەین،بەڵام خەم بۆ کچەکانمان دەخۆم کە هێشتا هاوسەرگیری نەکردووەو ئەو کارانەی لا ئاسایی دەبێتەوە لە درماکاندا ".

دایکی دووەم" ئاسان نیە ئەنجام دانی خیانەت لە کۆمەڵگەی کوردی بەڵام توندوتیژی پیاو وادەکات کە زۆرجار ژن پەنای بۆ بەرێت و دراماکانیش ئاسایی دەکەنەوەو پیشان دەدەن کە خۆشەویست بە سۆزترە لە مێرد".

دایکی سێیەم"دراما گەرچی ڕاست نیە خۆمان دەزانین فیلمە،بەڵام چیرۆکەکانی وات لێدەکات بەتایبەتی ئەگەر ژیانت نزیک بێت لە ژیانی ئەو ژنانەی خۆشەویستیان هەیە شوێنی بکەوێت." (چاوپێەوتنی توێژەر،٢٠-٨-٢٠١٠)

تەوەرەیی پێنجەم :متمانە

گروپی باوکان:

باوکی یەکەم:

"لە ئێستدا چەند باوەڕت بە ژنەکەت هەبێت بەهۆی بوونی ئامێری تەکنەلۆجی بەدەستیەوە ناتوانیت متمانەی تەواوت هەبێت، بەتایبەتی کە ژنانی ئێمە بینەری ئو درامایانەن کە ڕۆژانە چەندین ژن دەبینێت لە دراماکەدا بە نهێنی و بێ ئاگایی مێردەکەی لەماڵ دەچیتە دەرەوەو هەندێک کار دەکات کە پیاوەکەی نایزانێت ".

باوکی دووەم:

"وەڵا من نەک تەنها دراما ڕۆژانە ئەوەندە کرداری سەیر سەیر دەبیستیت،ئەوەندە ڕێژەی خیانەت زیاد بوە لە کۆمەڵگە نەک گومان لە ژنەکەت بەڵکو لە هەموو ژنانی خزم و کەس و دەوروبەرەکەشتی دەکەیت،بێگومان دراماکان تاکە مەدرەسەیەکن ئەمرۆ کە ئەو بێ متمانەیە دروست دەکەن ".

باوکی سێیەم:

" چۆن گومان نەکەم لە کچ یان ژنەکەم کە موعجیبێکی تەواوی کارەکتەرێکی ژنە لە دراماکان کە خیانەت دەکات و کاتێک سزادەدرێت بەزەیی پێیدا دێتەوە وپشتگیری دەکات،یان ژمارەی نهێنی مۆبایلی کچ و ژن و کوڕەکانت نازانیت." (چاوپێەوتنی توێژەر،٢٠-٨-٢٠١٠)

گروپی دایکان:

دایکی یەکەم : "وامان لێهاتوە هەر پیاوەکان چونە درەوە شوێنیان کەوین ،چونکە هەر ئەوەندە دەزانیت دەڵێن فلانە پیاو ژنی تری هێنا، فلانە پیاو بە دزیەوە ژنی تری هەیە،ئیتر خۆشەویست با بوەستێت، "

دایکی دووەم: " هەموو ئەو پیاوانەی خیانەت دەکەن لەگەڵ ژنێک دەیکەن،خۆ ژن ئێستە بوەتە جیهانی خۆ جوان کردن و خۆ ڕووتکردنەوەو ناز و مەکر ،زۆر ئاسان پیاوان ڕادەکێشێت،بۆیە من ئەوەی لە دراماکان دەیبینم زۆر هەستی پێدەکەم لە کۆمەڵگەی خۆمان چۆن ژن پیاو فریوو دەدات".

دایکی سێیەم : "وەڵا سەیری دراما دڵت کرمۆڵ دەکات کە پیاوەکەشت وا درۆت لەگەڵ بکات وەک چۆن دەبینیت ئەو پیاوانە لە دراماکان لەدەرەوە لەگەڵ ژنی ترن و لەماڵەوە خۆیان دەکەنە مەڕ لەگەڵ ژنەکنیان ." (چاوپێەوتنی توێژەر،٢٠-٨-٢٠١٠)

تەوەرەی شەشەم

پەیوەندی خێزانی بە کەس و خزمەکان

گروپی باوکان:

باوکی یەکەم"بمانەوێت و نەما نەوێت ئەو پەیوەندیە بەهێزەی خێزان بە کەس و کارو دەوربەر بە هۆی سەرقاڵ ژیان خۆی لاوازبوە، هاتنی تۆڕی کۆمەڵایەتی و دراماکانیش بەڕێژەیەکی باش وای کردوە کە تاک بەرەو تەنهایی و دورە پەرێزی بەرێت ".

باوکی دووەم:"یەکێک لە هۆکارەکان جگە لە تەکنەلۆجیاو تۆڕی کۆمەڵایەتی،ئەو بێ متمانەو فێڵ و تەڵەکانەن کە لە دراماکان دەیبینت لە نێوان کەس و کارو نزیکەکان وایکردوە حەز بە تێکەڵاوی کەس نەکەیت و متمانەت بەکەسە نزیکەکانی خۆشت نەبێت".

باوکی سێیەم:

"هەرچەندە ئیمە لەدەرەوەی شارین کاتمان زیاترەو خێزان زۆرتر تێکەڵە لەگەڵ دەوروبەرو خزمان بەڵام بە گشتی خەڵک بەرۆژ کاری زۆرەو بەشەویش سەیری دراماکان ناهێڵێت تیکەڵی بکەیت و چێژ زیاتر لە بینینی درامایەک دەکەیت تا چوون بۆ ماڵان." (چاوپێەوتنی توێژەر،٢٠-٨-٢٠١٠).

گروپی دایکان

دایکی یەکەم:"ناخۆشە هەست دەکەیت وەک جاران ڕەحم نەماوە و کەس سەردانی کەس ناکات بەڵام جارانیش دەست تێوەردانی ماڵە خەسوو کەس وکار نەیدەهێشت خێزانەکان خاوەنی بڕیاری خۆیان بن،ئێستە باشتر پیاوەکەت گوێ بۆ خۆت دەگرێت زیاترو دابڕاوە".

دایکی دووەم:" دراماکان کۆمەڵێک شتی وەک خیانەت و فێڵی کەسە نزیکەکان پیشان دەدەن وات لێ دەکەن بترسیت لە تێکەڵی و باوەڕت بەکەس نەبێت،سەرباری سەرقاڵی ڕۆژانە کە ناتوانیت وەک جاران سەردانی کەس و کار بکەیت." پەیوەندی خێزانی بە کەس و خزمەکان "

دایکی سێیەم : " من خەمی خۆمانم نیە ،خەمی ئەو نەوە تازەمە کە ئامادە نیە نەک نایەت لەگەڵمان بۆ سەردانی کەس وکار بەڵکو میوانیشمان دێت تیکەڵی ناکەن و لە ژورەکی خۆیان نایەنە درەوە ،دواتر وای لێ دێت نازانێت خزمەکانی کێن وڕەحمی پێیانەوە نیە ".

(چاوپێەوتنی توێژەر،٢٠-٨-٢٠١٠)